گۆڤاری زانكۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەكان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue SpA 2024
ID No. 1227 (PP 366-385)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.SpA.22

توێژینەوە

# ڕۆڵی پێگە هەواڵییە نێودەوڵەتییەكان لە دیاریكردنی سیمای سیاسەتی نێودەوڵەتی سەبارەت بە هەرێمی كوردستان
## توێژینەوەیەكی مەیدانییە، بۆ دەستەبژێرێك لە ڕۆژنامەنووسان لە هەرێمی كوردستان

باران محەمەد عەبدوڵلا *

حەبیب مال الله ئیبراهیم**

## پوختە

پێگە هەواڵییە نێودەوڵەتییەكان ڕۆڵێكی كاریگەر دەگێڕن لە دیاریكردنی سیاسەتی نێودەوڵەتی، ئەم توێژینەوەیە بۆ دیاریكردنی ڕۆڵی پێگە هەواڵییە نێودەوڵەتییەكانە لەسەر گۆڕین و دارشتنی سیاسەتی نێودەوڵەتی. توێژەر كاریكردووە لەسەر میتۆدی ڕوووپێوی بە پشت بەستن بە فۆڕمی ڕاپرسی و كۆمەڵگای توێژینەوەكە بریتییە لە ڕۆژنامەنووسان لە هەرێمی كوردستان لە هەر چوار پارێزگای (هەولێر، سلێمانی، دهۆك هەڵەبجە) بۆ گەیشتن بە كۆمەڵێك دەرئەنجام.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە كاركردنە لەسەر ئەو ڕۆڵەی كە پێگە هەواڵییە نێودەوڵەتییەكان دەیگێڕن لە ڕووماڵكردنی پرسەكانی تایبەت بە هەرێمی كوردستان، كاریگەری ئەم ڕووماڵكردنانە لەسەر پێشهات و بڕیار و ئەو ڕەفتارانەی كە وڵاتان لە چوارچێوەی سیستەمی جیهانی دەیگێرن بەرامبەر بە هەرێمی كوردستان.

لەم توێژینەوەیەدا كۆمەڵێك دەرئەنجام بەدەستهاتوون لەوانە دەرخستنی چەندیەتی و چۆنیەتی خستنەڕووی بابەتەكانی تایبەت بە هەرێمی كوردستان، كاریگەری هەیە لەسەر ئەو ڕەفتار و تێروانینەی بەرامبەر بە هەرێمی كوردستان لە سیاسەتی نێودەوڵەتییدا، هەروەها گەیشتن بەوەی ڕووماڵكردنی پێگە هەواڵییە نێودەوڵەتییەكان بۆ پرسەكانی هەرێمی كوردستان، ڕۆڵ دەبینێت لە دارشتنی سیاسەتی نێودەوڵەتییدا.

* بەشی ڕاگەیاندن، كۆلێژی ئاداب ،زانكۆی سەلاحەددین- هەولێر
**پەیمانگای زانستی ڕاگەیاندن / زانكۆی ڕوربۆخو- ئەڵمانیا
baran.abdullah@su.edu.krd
habeeb1975 @hotmail.com

وەرگرتن 2023/06/05
پەسندكردن 2023/07/17
بڵاوكردنەوە 2024/04/15

وشە سەرەكییەكان:
پێگە هەواڵییە نێودەوڵەتییەكان، سیاسەتی نێودەوڵەتی، ئاراستەكردن، سیستەمی نێودەوڵەتی.

About the Journal
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields.
https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## 1-پێشەكی :

ئێمە وەك تاك لە سەردەمی ئێستای تەكنەلۆژیدا ئەگەر بمانەوێت بگونجێین پێویستە بە سیفات و تایبەتمەندییەكانی جولەی سیاسەتی نێودەوڵەتی ئاشنا بین. چونكە ڕووداوە جیهانییەكان بەشێوەیەكی فراوان كاریگەرن لەسەر یەك بە یەكی تاكەكان، بۆیە هەموان سودمەند دەبن كاتێك دەگەڕێن بەدوای شێوازی كار و سیستەمی سیاسەتی نێودەوڵەتی و ئابوری نێودەوڵەتی. پێگە هەواڵییە نێودەوڵەتییەكان كاریگەرییەكی بەرچاویان هەیە لە داڕشتنی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا. ئەوان وەک سەرچاوەیەكی سەرەكی زانیاری بۆ داڕێژەرانی سیاسەت، بڕیاردەران، دیپلۆماتكاران و هاوڵاتیان لە سەرانسەری جیهاندا كاردەكەن. پێگە هەواڵییە نێودەوڵەتییەكان ڕوومالّی ڕووداوە سیاسی، ئابووری، كۆمەڵایەتی و ژینگەییەكان لە ناوچە جیاوازەكانی جیهان دەكەن، ئەمەش وا دەكات كە داڕێژەرانی سیاسەت تێروانین بۆ پێشهاتە جیهانییەكان بەدەستبهێنن و بڕیار لەسەر چۆنیەتی چارەسەركردنی پرسە ئاڵۆزەكان پێكبهێنن. بۆیە ئاگاداربونمان لە بارودۆخ و سیاسەتی جیهانی یارمەتیدەر دەبێت بۆ وەلامدانەوەی ئەو پرسیارەی سەرۆكی پێشووی ئەمریكا (بیل كلینتۆن): كردی ئەویش ئەوەیە" ئایا دەتوانین گۆڕانكاری بكەین بە هاوڕێ یان دوژمنمان".

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێكە بۆ دەرخستنی ئەو ڕۆڵەی كە میدیا بەتایبەت پێگە هەواڵییە نێودەوڵەتییەكان كە لە ئێستادا بوونەتە ئامرازی دیاری میدیایی ڕۆڵێیان لەو بڕیار و گۆڕانكاریانەی كە لە سیاسەتی نێودەولەتیدا گەنگەشە دەكرێن و ڕۆڵیان لە چ ئاستێكدایە بۆ گۆڕانكاری و تێگەیشتنی ولاتانی تر سەبارەت بە هەرێمی كوردستان، بۆ هەرێمی كوردستان جێگەی گرنگ و بایەخە تەواوی پرسەكانی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا بخرێتەڕوو و كاریگەر بێت لەسەر گۆڕانكاری ئەرێنی بەرامبەری.

## 2-میتۆدی توێژینەوەكە

### 2-1-كێشەی توێژینەوەكە:

كێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دیاریكردنی ڕۆڵی ڕوومالّكردنی هەواڵ و زانیاری لە پێگە هەواڵییە نێودەوڵەتییەكان، ڕۆڵی لە دیاریكردنی ئەو ئاراستەیەی كە سیاسەتی نێودەوڵەتی لەسەری دەڕوات سەبارەت بەو پرسانەی كە لەم پێگە هەواڵییانەدا دەخرێنەڕوو و شرۆڤە دەكرێن. خستەڕووی ئەوەی ئایا پەیوەندی هەیە لەنێوان هەواڵ و زانیارییە خراوەڕووەكان لەم پێگانەدا لەگەڵ ئەو فۆرمەی كە سیاسەتی نێودەوڵەتی ئاراستە دەكات دواتر دیاریكردنی جۆر و شێوازی ئەو كاریگەری و پەیوەندییە، ئایا پەیوەندییەكە پەیوەندییەكی ڕاستەوانە و تەواوكارییە یان پەیوەندییەكی گریمانەیی و حەتمییە.

كەسانی سیاسی و ڕۆژنامەنووسان لە هەرێمی كوردستان تاچەند بە گرنگی خستنەڕووی بابەتەكانی تایبەت بە هەرێمی كوردستان ئاشنان بۆ گۆڕینی بڕیاری سیاسی لەسەر ئاستی نێودەولەتی.

ڕۆژنامەنووسان لە هەرێمی كوردستان شرۆڤە بۆ ئەو هەواڵ و زانیاریانە دەكەن بۆ ئەوەی بزانن بڕیارەكانی سەر ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتی لەبەرامبەر هەرێمی كوردستان لێكەوتەی ئەو شێوازی ڕوومالّكردنەی پێگە هەواڵییە نێودەوڵەتییەكانن.

### 2-2-گریمانەی توێژینەوە:

گریمانە گوزارشتە لە كۆمەڵێك ئەنجامی پێشوەختە كە توێژەر پێویستە لەبەرچاوییان بگرێت یان پێشبینیان بكات، بەمەبەستی ئەوەی لەڕێگەی هەنگاوە كردارییەكانی توێژینەوەكەوە لوژیكی بوونی ئەم گریمانانە بسەلمێندرێت.

گریمانەی سەرەكی: ڕوومالّكردنی پێگە هەواڵییە نێودەوڵەتییەكان بۆ پرسەكانی تایبەت بە هەرێمی كوردستان، ڕۆڵی هەیە لە داڕشتنی سیاسەتی نێودەولەتی.

### 3-2-ئامانجی توێژینەوە:

هەموو توێژینەوەیەك پێویستی بە كۆمەڵێك ئامانجگەلی ڕوونە بۆ ئەوەی توێژەر بتوانێت ئەنجامەكان بپێكێت، هەڵبەت لەم توێژینەوەیەدا ئامانج ئەوەیە ئاستی ڕۆڵ و كاریگەری هەواڵ و زانیارییەكانی پێگە هەواڵییە نێودەوڵەتییەكان دەربكەوێت لەسەر ئەوەی چەندە توانیویەتی كاریگەر بێت لەسەر سیمای سیاسەتی نێودەولەتی

دیاریكردنی ڕادەی گرنگیپێدانی نوخبەی هەڵبژێردراو كە پێكدێن لە ژمارەیەك لە ڕۆژنامەنووسان لە هەرێمی كوردستان، بە هەواڵ و زانیارییە خراوەڕووەكان لە پێگە هەواڵییە نێودەوڵەتییەكان.

دیاریكردنی ڕۆڵی ڕوومالّكردنی پێگە هەواڵییەكان بۆ بابەتەكانی تایبەت بە هەرێمی كوردستان، لەسەر گۆڕینی سیاسەتی نێودەولەتی.

كەسانی پەیوەندیدار بە وەرگرتنی بڕیاری سیاسی لە هەرێمی كوردستان بە گرنگەوە مامەڵە دەكەن لەگەڵ پێگە هەواڵییەكان و زانیارییەكانی ئەو پێگانەی بڵاویان دەكەنەوە تایبەت بە هەرێمی كوردستان.

### 2-4-گرنگی توێژینەوە:

بەهۆی فراوانبوونی ڕۆڵی ڕاگەیاندن بەتایبەت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لە دروستکردنی کاریگەری لەسەر پرۆسەی سیاسی و بڕیاری سیاسی و سیاسەتی نێودەولەتی، بۆیە ئاگاداربوون لەو پەیوەندییەی كە لە نێوان ڕاگەیاندن و سیاسەتی نێودەوڵەتیدا هەیە بە گرنگ دەبینرێت، بۆ هەرێمی کوردستان لە زۆر باردا بەتایبەت لەكاتی كێشە و قەیرانەكاندا ئەو هەواڵ و زانیاریانەی لەو كاتانەدا لەبارەی پرسە پەیوەندیدارەکان دەخرێنەڕوو، کاریگەر دەبن لەسەر سروشتی پەیوەندی سیاسی هەرێم و وڵاتانی زلهێز، هەڵبەت هەندێك كات تەنها هەواڵێك دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لەو بڕیارە سیاسیانەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەدرێن.

تایبەت بە هەرێمی کودستان ئاگاداربوون و ئاشنابوون بە ڕۆڵ و كاریگەری هەواڵ و زانیارییە خراوەڕووەكان لەسەر ئاستی پێگە نێودەوڵەتییەكان بە گرنگ دەزانرێت هەڵبەت ئەو زانیارییانە دەبنە هۆكاری وەرگرتنی بڕیاری سیاسی و ئەو ڕێتمەی كە سیاسەتی نێودەوڵەتی لە مەڕ كێشە و پرسە کوردستانییەكان دەیگرێت.

### 2-5-جۆر و میتۆدی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەكی (مەیدانییە) بۆ گەیشتن بە ئەنجامەكانی ئەم توێژینەوەیە پشت دەبەسترێت بە بە میتۆدی ڕووپێوی و پشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی، وەرگرتنی دەستەبژێرێك لە نموونەی هەڵبژێردراو بۆ توێژینەوەكە بۆ گەیشتن بەو ئەنجامانەی توێژەر مەبەستیەتی تیشكیان بخاتە سەر.

### 2-6-كۆمەڵگا و سامپڵ (نموونە)ی توێژینەوە:

كۆمەڵگا و نموونەی ئەم توێژینەوەیە بەشێوەی مەبەستدار لەلایەن توێژەرەوە هەڵبژێردراوە سامپڵی توێژینەوەكە سامپڵێكی مەبەستدارە، پێكدێن لە ژمارەیەك لە ڕۆژنامەنووسان لە هەرێمی كوردستان، واتا هەر چوار پارێزگا كە ژمارەیان بەپێی پارێزگاكان بەم شێوەیەیە:

| خشتەی 1 هەڵبژاردنی سامپڵی توێژینەوەكە | | |
|---|---|---|
| پارێزگا | ژمارەی ڕۆژنامەنووسان | سامپڵی وەرگیراو |
| هەولێر | 2239 | 140 |
| سلێمانی | 2497 | 128 |
| دهۆك | 1577 | 95 |
| هەڵەبجە | 19 | 5 |
| كۆی گشتی | 6332 | 368 |

كۆی گشتی ڕۆژنامەنووسان لە هەر چوار پارێزگاكە بریتییە لە (6332) ڕۆژنامەنووس. بەمشێوەیە نموونەی وەرگیراو لە توێژینەوەكە بریتییە لە (368) ڕۆژنامەنووس. ئەم ڕێژەییە بەپێی پێوەری (ستیفن) دیاریکراوە كە بریتییە لە وەرگرتنی (10%)ی كۆمەڵگای توێژینەوەكە.

### 3- چەمكەكانی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیە ژمارەیەك چەمك بەكارهاتوون لەوانە:

### 3-1- ڕۆڵ:

ڕۆڵ بریتییە لە كۆمەڵێك چالاكی ڕەفتاریی كە دەبێتە هۆی بەدیهێنانی ئەو بابەتەی كە هەوڵ دەدات كاریگەرییەكەی بخاتەڕوو لەسەر تاك لە كات و دۆخێكی دیاریكراودا. (القحطاني, 2010,ص5)

یاخود (ڕۆڵ) بریتییە لە شێوازی ڕەفتاری چاوەڕوانكراو لە تاك لە دۆخێكی دیاریكراودا، كە بەو چالاكییە دیاری دەكرێت دەبێت لە ژێر ڕۆشنایی كەلتوری باو لە قەوارەی كۆمەڵایەتیدا ئەنجامی بدات. (عبدالقادر، 2014، ص11)

### 1-2- پێگەی هەواڵی:

پێگەی هەواڵی بریتییە لە شوێنێك لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت، هەموو پێگەیەك لاپەرەی سەرەکی هەیە Home Page پێگە پێکدێت لە فایل و بەڵگەنامەی جۆراوجۆر و ئامرازی یارمەتیدەر کە بەکاربەر دەگەیەنێت بە لاپەڕە و پێگەکانی تر بە ئاسانی، هەر پێگەیەکیش خاوەندارێتی دەکرێت لەلایەن لایەنێکی دیاریکراو. (خالد، 2009، ص175).

### 1-3- سیاسەتی نێودەوڵەتی:

سیاسەتی نێودەوڵەتی: (ڕەفتارێکە هەوڵدەدات بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی یەکە سیاسیەکانی وەك (دەوڵەت) پێهەڵدەستێت، بەجۆرێك لەگەڵ یەکتری کارلێك دەکەن بەشێوەی کیبرکێ و هاوکۆك لە پرۆسەی سیاسەتکردندا). (سليم ، 2002، ص4).

سیاسەتی نێودەوڵەتی بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی چالاکییەکانی بکەرانی نێودەوڵەتی و هەوڵدانیان لە ڕێگەی بەکارهێنانی دەسەلاتیان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان و پارێزگاریکرن لە ئامانجەکان، هەروەها چۆنیەتی کاریگەربوون لەسەر تەواوی جیهان. (كيجلي, 2017, ص28).

### 4-بەکارهێنراو لە توێژینەوەکە:

### 1-4- تیۆری ئاراستە - Attitude:

چەمکی ئاراستە:

زنانیسکی Znaniecki ئاراستە بەمشێوەیە دەناسێنێت "کارتێکەرێکە بەهۆیەوە لە دۆخی ڕاستەقینەی تاك تێدەگەین سەبارەت بە بەها کۆمەڵایەتییەکان، کەواتە ئاراستە بریتییە لە ویستی تاك بۆ ئەنجامدانی کارێکی دیاریکراو یاخود ئامادەکاری بۆ جۆرێك لە جۆرکانی چالاکی". واتە ئاراستە دۆخێکە جەستە وەریدەگرێت بۆ ئەنجامدانی کردارێکی دیاریکراو، یاخود ئامادەکاری بۆ چونە نێو دۆخێکی یاریکراو بۆ کردارێکی دیاریکراو. هاوکات هەموو جۆرێك ئاراستە دەگرێتەوە ئەگەر جەستەیی بێت یان کردارێکی دەروونی و ئەقلی. (إبراهيم ، 2009، ص38).

پاڵنەرەکانی دروستبوونی ئاراستە لای تاك:

1. پەیوەندیکردنی راستەوخۆ.
2. بەرکەوتن بە گروپە کۆمەڵایەتییەکان کە تەواوی لایەنەکانی ژیان لە خۆ دەگرێت.
3. بەرکەوتن بە میدیا دەبێتە هۆکاری دروستکردنی ئاراستەی نوێ، پەیوەندیکردنەکە بە شێوەیەکی ناراستەوخۆیە، ئاراستەکان لە ڕێگەی دووبارەبوونەوە و کۆبونەوەی پەیامەکان دروست دەبن. (الزعبي, 2013، ص8).

### 2-4- چۆنیەتی بەکارهێنانی تیۆری ئاراستە:

لەم توێژینەوەیەدا فۆڕمی ڕاپرسی بەشێوەیەك داڕێژراوە کە ئاراستەی نموونەی وەرگیراو پێوانە بکرێت، شێوازەکانی پێوانەکردنی پێوەرەکانی ئاراستە لە زۆرێك لە زانستەکان بەکاردەهێنرێت لەوانە دەروونزانی و کۆمەڵناسی و لێکۆڵینەوەکانی ئاراستەکردنی بەبازارکردنی بازرگانی و ڕەفتاری بەکاربەر و پەیوەندیکردنی سیاسی و لێکۆڵینەوەکانی ڕای گشتی هەموو ئەوانە بۆ زانینی ئاراستەی کۆمەڵگای توێژینەوە، گرنگی لەوەدایە دەتوانرێت لە ڕێگەی پێوانەکردنی ئاراستەکانەوە کاردانەوەکانی جەماوەر لەبەرامبەر بابەتە میدیاییەکان بزانیت.

لە پێوەرە زۆر بەکارهێنراوەکان بۆ پێوانەکردنی ئاراستە بریتییە لە پێوەری (Charies Osgood) کەلە پەنجاکانی سەدەی ڕابردووەوە کاری پێکراوە، لەم پێوەرەدا ئاماژەکانی دوانەی جەمسەر بەکاردەهێنرێت کە بریتین لە (زۆر لەگەڵیدام/ لەگەڵیدام/ نازانم/ لەگەڵیدانیم/ بەهیچ شێوەیەك لەگەڵیدانیم). بەهەمان شێوە لە فۆڕمی ڕاپرسیدا توێژەر پشتی بەستوە بەم پێوەرە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان. (سعد، 2013، ص50).

### 5-پێگە هەواڵییەکان:

### 1-5- تایبەتمەندییەکانی پێگە هەواڵییەکان:

لە ئێستادا پێگە هەواڵییەکان بونەتە سەرچاوەیەکی سەرەکی هەواڵ و زانیاری و بابەت و گفتوگۆ و شیکردنەوەکان و خستنەڕووی وێنە و پرۆگرامی جۆراوجۆر، کە گشت ڕووداو و زانیارییە جۆراوجۆرە نێوەخۆیی و هەرێمی و جیهانییەکان ڕووماڵدەکات. زۆرینەی دامەزراوە میدیاییەکانی وەك ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و دامەزراوە نێوەخۆیی و جیهانییەکان هەڵدەساتن بە

بنیاتنانی پێگەی ئەلیکترۆنی تایبەت بە خۆیان واتا بوونی ژووریکی هەواڵ (News Room) لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت کە سەرچاوەیەکی گرنگی زانیارییە. زۆرێك لە دامەزراوە میدیاییە نێودەوڵەتییەکانی وەك ئاژانسە هەواڵییە گەورەکان (ڕۆیتەرز) بەنموونە، کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی وەك (CNN)ی ئەمریکی و ئێستگەی ڕادیۆی نێودەوڵەتی (BBC) بەنموونە هەڵساون بە پەخشکردن لە ڕێگەی ئینتەرنێت بۆ بەکاربەرەکانیان بۆ ماوەی 24 کاتژمێر، هەروەها زۆرێك لەو دامەزراوە میدیاییانەی کە خاوەنی پیگەی هەواڵین لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بونەتە خاوەن بنەمای تایبەتمەند بە پەخشکردنی هەواڵ، وەك بوونی هەواڵی سیاسی، هەواڵی ئابووری و دراو، وەرزشی،و هونەری و هتد... لەرێگەی ئەم پێگە هەواڵییانەوە دەتوانی بینەری زۆرێك لە پرس و بابەت و ڕووداوە جیهانییەکان بیت.(السوداني, 2010, ص114).

هەواڵی ئەلیکترۆنی لەو کاتەوە دەرکەوت کە هەواڵ و زانیارییەکان لە رێگەی تۆڕی ئینتەرنێت لە پێگە هەواڵییەکانی ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکاندا لە ماوەی 24 کاتژمێردا بڵاودەکرێتەوە، بەشێکی زۆری ئەم هەواڵ و زانیاریانە بەبەردەوامی نوێدەکرێنەوە ئەویش بە زیادکردنی زانیاری و ڕووداوی زیاتر بۆ ئەوەی بابەتەکە بە زانیاری پڕ بکات و گشت لایەنەکانی ڕووداوەکە بخاتە بەر دیدی بەکارهێنەر.

پێگە هەواڵییە ئەلیکترۆنییەکان بە کۆمەڵێك تایبەتمەندی جیا دەکرێنەوە، ئەوانیش:

1. جۆراوجۆری لە شێوازی خستنەڕوو واتا لەرێگەی وشە و وێنە و دەنگ و ئینفۆگرافیك و ئامرازی تری پێویست بابەتەکان دەخرێنەڕوو.
2. جۆراوجۆری لە سەرچاوەی زانیاری، پێگە ئەلیکترۆنییەکان تەنها پشت نابەستن بە زانیارییە کۆکراوەکان لە ڕێگەی پەیامنێرەکانیانەوە بەڵکو پشت دەبەستێت بە کاردانەوە و بیروڕاکانی بەکارهێنەر و گواستنەوەی زانیاری تاکە کەسێك کە ڕاستی و دروستی بابەتەکە بخاتەڕوو.
3. نوێبوونەوەی بەردەوام بۆ شێوەی 24 کاتژمێری.
4. گەران لەناو خودی هەواڵەکە یاخود لە ئەرشیفی پێگەکە ئینجا چ لە ڕێگەی ئەرشیفی خودی پێگەکەوە بێت یان لە تۆڕی ئینتەرنێت بە گشتی.
5. ئاسانی لە گەیشتن بە جۆرێکی دیاریکراو لە هەواڵ ئەویش لە ڕێگەی سیستەمی پۆلێنکردنی ئەلیکترۆنی (نەخشەی پێگە)کە.
6. بەستنەوەی هەواڵە لە یەکچووەکان یاخود ڕووداوە پەیوەندیدارەکان بەیەکتری لەناو پێگە هەواڵییەکە یاخود لە پێگەی تری هەواڵی ئەویش بۆ زانیاری خستنەسەری زیاتر و گەرانەوە بۆ باکگراوەندی ڕووداوەکە لە کەسایەتیەکان یاخود شوێن و هیتر.
7. توانایی لە گەیشتن بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە هەواڵە بەپەلەکان و هەواڵێکی دیاریکراو. (الدليمي, 2010, ص269).

### 2-5- نموونەی پێگە هەواڵییەکان (پێگەی ئەلیکترۆنی ئەلجەزیرە):

لە کانونی دووەمی 2000 پێگەی (www.aljazeera.net) کرایەوە، بوو بە یەکەم پێگەی هەواڵی بە زمانی عەرەبی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت، بەماوەیەکی کەم توانی کێبرکێ بکات لەسەر ئاستی یەکەم لەگەڵ پێگە هەواڵییەکانی تر و پێگە جیهانییە بەناوبانگەکان. دواتر پێگەیەکی نوێ دیزاین کرا بۆ ئەوەی بۆ سەردانیکەرانی (بەکارهێنەرانی) چوار سەرچاوەی زانیاری بەردەست بکات، ئەوانیش:

هەواڵ: پێگەی سەرەکی عەرەبی هەواڵە کە تیایدا ڕووماڵێکی گشتگیر لە ڕووداوەکان و پێشهاتەکان لە ماوەی 24 کاتژمێردا پێشکەش دەکات.

زانین: پێگەیەکە تایبەتە بە خستنەڕووی بیروڕا و ڕەهەندە قوڵەکانی دوای ڕووداو و پێشهاتەکان ئەویش لە ڕێگەی شیکردنەوە و توێژینەوەی زانستی و لێکۆڵینەوەیی قوڵ.

پەخشی ئاسمانی کەناڵەکە: پێکەیەکە تایبەتە بە خستنەرووی ئەو پەخشەی لە ڕێگەی کەناڵی ئاسمانی ئەلجەزیرەوە خراوەتەڕوو، هەڵگرتنی گشت تۆمارەکانی تایبەت بە داتا و زانیارییەکان و بەردەستخستنیان بۆ سەردانیکەرانیان.

کارەکان: ئامرازێکە بۆ ئەلجەزیرەی ئەلیکترۆنی کە لە ڕێگەیەوە کار دەکرێت بۆ بەبازارکردن و فرۆشتنی خزمەتگوزارییە هەواڵییەکان و بەرهەمەکانی کەناڵی ئەلجەزیرە بەگشتی.(عبدالسلام، 2021، ص221).

ئەركی ئەم پێگە تەواوكاری ڕۆڵی كەناڵی ئەلجەزیرەیە، بۆ ئەوەی جەماوەری عەرەبی بتوانن بەشێوەیەكی كارلێكانە و بەردەوام دەستیان بگات بە هەواڵ و پرۆگرام و شیكردنەوەكان لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێت.
كەناڵی ئەلجەزیرە بەردەوام لە هەوڵی نوێكارییە لە پێگەكەی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت، بەشێوەیەك كە حەوت ساڵی یەكەمی دروستبوونی حەوت ملیۆن سەردانیكەری هەبووە، هەروەها پێگەی ئەلجەزیرە مافی بوون بە ئەندامی بۆ بەكارهێنەران فەراهەمكردووە، وەك ڕێزێك بۆ بەكارهێنەرانی ئەندامانی پێگەكە دەبن بە خاوەنی دەستكەوت بەمشێوەیە:

- دەستەكەوتەكانی ئاستی یەكەم بریتین لە وەرگرتی هەواڵنامە بەشێوەی خولی.
- دەستكەوتەكانی ئاستی دووەم بریتیین لە بەشداریكردن لە خزمەتگوزارییە كارلێكەكان ئەوانیش: بەشداریكردن لە زنجیرەی گفتوگۆ، بەشداریكردنی ڕاستەوخۆ لە بەرنامە ڕاستەوخۆكانی كەناڵی ئەلجەزیرە، بەشداریكردن لە بیروڕا دانان لەسەر پێگەكە.

بەشەكانی هەواڵ لە پێگەی ئەلجەزیرە بریتیین لە : هەواڵی نیشتیمانی عەرەبی و جیهانی، هەواڵی ئابووری، هەواڵی وەرزشی، هەواڵی زانستی و تەكنەلۆژی، هەواڵی تەندروستی، فایلەكانی تایبەت بە ڕووماڵی تایبەتمەند، ڕۆژانە ڕووماڵی پێشهات و ڕووداوەكانی وڵاتانی عەرەبی و جیهانی دەكات.(العبد, 2009, ص271).
هەروەها پێگەی ئەلجەزیرە چەند پێگەیەكی تریشی خستۆتەكار لە چوارچێوەی پێگەی دایك (ئەلجەزیرە نێت)، گرنگترینیان بریتییە لە: ناوەندی ئەلجەزیرە بۆ لێكۆڵینەوە لە ساڵی 2006 وەك دامەزراوەیەكی لێكۆڵینەوەی سەربەخۆ كەوتۆتەكار.(الفلاحي, 2011, ص80).

### 5-3- تۆڕی (سی ئێن ئێن)ی هەواڵی:

تۆڕی CNN خاوەنی 12 پێگەیە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت، لەگەڵ دوو كەناڵی تایبەتمەند كە بریتین لە كەناڵەكانی ( Airport Network CNN) و تۆڕی ڕادیۆیی، لە ئابی ساڵی 1995 پێگەی هەواڵی ناسراو بە (CNN.Com) وەك یەكەم پێگە بۆ تۆڕی ئینتەرنێت دەركەوت كە وەك یەكەم پێكەی سەرەكی هەواڵ و زانیاری لەسەر ئینتەرنێت ناسێنرا. زانیارییەكان بە زمانی جیا پێشكەشدەكات، لەنێویاندا بوونی پێگەیەك بە زمانی عەرەبی.(راضي, 2013، ص175).
كەرتی هەواڵی تێرنەر، خاوەنی سێ پێگەیە Web، ئەوانیش:

1. CNN.Com.
2. CNN Fn.Com: بریتییە لە یەكەیەك لە CNN تایبەتمەندە بە هەواڵی دراو.
3. All Politics: بریتییە لە پێگەیەكی ئەمریكی هەواڵی سیسای، پەیوەندیدارە بە گۆڤاری (تایم).

هەر سێ پێگەكە كۆمەڵێكیان دروستكردووە كە 25 ملیۆن لاپەڕەی بینراو پەخشدەكرێت هەفتانە، كارمەندانی پێگەیی یەكەم (CNN.Com) بەتەنها بریتیین لە 150 كەس، لە ئەتلەنتا، لە ژوورێكی دیجیتاڵی هەواڵی كاردەكەن. هەروەها تیمێكی تر هەن بۆ پێگەی (CNN Fn.Com) كاردەكەن لە نیویۆرك، هەروەها تیمی پێگەی سێیەم (All Politics) لە واشنتۆن.
پێگەكان پێكدێن لە 100 ملیۆن لاپەڕە، زیاتر لە 120 هەزار فایلی وێنەیی و 21.500 فایلی دەنگی و 3800 شریتی فیلمی ڤیدیۆیی خێرا.
تۆڕیكی تریش بە تەكنەلۆژیای پێشكەوتوو زیادكراوە بە ناوی CNN Interactive بۆ پێشكەشكردنی زانیاری، وەك Intercast oracle، Page Net Point Cast، Air Media، Insudrty Group لە هەموو ئامرازەكاندا خزمەتگوزاری پێشكەوتوو بەردەستە.
ئەم تۆڕە خزمەتگوزاری هەواڵی پێشكەشدەكات، بەشێوەیەكی فراوان لە جیهان، كە پێكدێت لە 400 لقی ئێزگەی تەلەفزیۆنی سەربەخۆ، لە ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا، كەنەدا، بۆرتۆریكۆ، لەگەڵ ئەوەشدا وەرگری ڕاپۆرتی زیندووە لەلایەن پەیامنێرەكانییەوە لە ناوەوەی ڕووداوەكان. تۆڕەكە خاوەنی 12 سەرچاوەی زانیاری هەواڵییە لە ماوەی ڕۆژەكانی هەفتەدا، جگە لە یەكشەممە لە 10 سەرچاوەوە زانیاری وەردەگرێـت. پێگەكە هەڵدەستێت بە پێشكەشكردنی هەواڵ و زانیاری ناوچەیی و جیهانی لەبارەی: ڕووداو و پێشهاتەكان، باری كەشوهەوا، وەرزشی، تەندروستی، بازرگانی، كۆبونەوە و هونەر و بابەتی خۆشێزی جۆراوجۆر، لەپاڵ كەسایەتییە ناودارەكان بۆ بەبازاركردنی بەرنامە هەواڵییە ناوچەییەكانی، ئەم خزمەتگوزارییانەی پێگە هەواڵییەكان لە 19ی ئۆكتۆبەری 1987 بەردەستە. (الدليمي, المصدر السابق, ص146).

**4-5-تۆڕی فرانس 24ی فەرەنسی:**

فرانس 24_-Fravce24/ (Audiovisual Exterieur de la France) بۆ یەکەمجار لە 5ی دیسێمبەری 2006 پەخشکراوە، سەرتا بە زمانەکانی بە سێ زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی پەخش کردووە دواتر بۆ ماوەی 4 کاتژمێر لە ڕۆژێکدا لە ئەپرێلی ساڵی 2007 پەخش بە زمانی عەرەبی دەستپێکردووە. لە مانگی نیسانی 2012 کەناڵی فرانس 24 ڕایگەیاند کە پەخشی دەگاتە 444 ملیۆن ماڵ لە کۆی 5 کیشوەر، کە 117 یان لە ئەوروپان. بارەگای سەرەکی کەناڵەکە لە پاریسە. لە (2013)ەوە فرانس 24 بەردەستە بۆ ئیدارە سەرەکییەکانی ئەمریکا لەوانە وەزارەتی دەرەوە، وەزارەتی ئاسایشی ناوخۆ و وەزارەتی داد. (France24.com) ماڵپەڕەکەی بەشێوەیەکی جیاواز دیزاین کراوە کە پشت بە بەشداری چالاك دەبەستێت، بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت ڕێگەیان پێدەدرێت لە کاتی خۆیدا کاردانەوەیان هەبێت بەرامبەر بە ناوەرۆکی ئۆنلاین. پێگەکەی زیاتر لە ملیارێك بەکارهێنەری تاکەکەسی هەیە.

سایتی فرانس 24 لەلایەن تیمێك پێکدێت لە 15 سەرنوسەر و چاودێر بەڕێوەدەبردرێت. دەتوانیت لە ماڵپەڕەکەوە لە ڕێگەی ڤیدیۆ ستریمەوە لەسەر بنەمای 24 کاتژمێری سەیری کەناڵی فرانس 24 بکەیت بە هەریەکێك لە زمانەکانی (ئینگلیزی، فەرەنسی، عەرەبی). (Press book, http://tifeagle.com/pdf/press_book_f24.pdf, P9).

چوار کەناڵی فرانس24 واتا بە زمانەکانی فەرەنسی و ئینگلیزی و عەرەبی و ئیسپانی لە وەشانی France24.com بوونیان هەیە، سایتەکە دەستراگەیشتنێکی ئاسان بە هەموو ناوەرۆکەکان پێشکەش دەکات: بابەتەکان، ڤیدیۆکان، کەناڵەکان، بەرنامە ڕاستەوخۆیەکان، بابەتی داواکاری، پۆدکاستەکان.

تەلارسازییەکەی هاوبەشە لەگەڵ تەلارسازی دوو وێستگەی ڕادیۆیی گروپی میدیا مۆندی فەرەنسا RFI، مۆنتی کارلۆ دووالیا، بەتایبەتی ڕێگە بە بڵاوکردنەوەی یەکتری دەدات لەنێوان کەناڵەکان و دەوڵەمەندکردنی پێگەکە.

لە فەیسبووك، تویتەر، ئینستاگرام و یوتیوب، جگە لە ئەکاونتێکی سەرەکی بە هەریەك لە چوار زمانەکە پەخشی هەیە، فرانس 24 زیاتر لە 50 ئەکاونتی تری پەیوەست بەبەرنامەکان یان تەوەرەکانی پێشکەشدەکات:

- فۆلۆوکردن و کارلێککردن لەگەڵ کەناڵەکە، بەرنامەکان، ڕۆژنامەنووسان، بە چوار زمان.
- دۆزینەوەی ڕاستەوخۆی ڕووداوە هەنووکەییەکان، نوێترین هەواڵی بەپەلە و هاوبەشیکردنی زانیاری بە ئاسانی.
- بەشداریکردن، کۆمێنت، لایك، شایەتحاڵی و گفتوگۆکردن لەسەر هەواڵە نێودەوڵەتییەکان.

مانگانە 28.7 ملیۆن سەردان و 158 ملیۆن بینەری ڤیدیۆیی تۆمار دەکات، هەروەها 47 ملیۆن بەشداربوو لە فەیسبووك و تویتەر و ئینستاگرام. (Liberte, Egalite, 2021, p21)

**6-ڕاگەیاندن و سیاسەتی نێودەوڵەتی**

**6-1- پەیوەندی نێوان ڕاگەیاندن و سیاسەتی نێودەوڵەتی:**

پرۆسەی تێگەیشتن لە سروشتی پەیوەندی نێوان میدیا و سیاسەتی نێودەوڵەتی یەکێکە لە زانیاریيە گۆڕاوە ئایدیۆلۆژییەکان بۆ بەدواداچوونی ئەو گەشەسەندنە هاوچەرخەی کە کاریگەری لەسەر کاری سیاسی لەناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا هەبووە، هەروەها چۆن بووەتە سەرچاوەیەك لە تایبەتمەندی و پێکهاتە کە تەواو جیاوازن لەو نەریتانەی کە تا چەند سەدەیەک و بەگشتی تا سەرهەڵدانی جەنگی جیهانی دووەم زاڵ بوون.

دەزگا میدیاییەکان وەك ئامرازێك بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوە و سیاسەتی نێودەوڵەتی سەیردەکرێن، پروپاگەندە و میدیا نوێنەرایەتی هێڵی یەکەمی هێرش و دوا هێڵی بەرگری دەکەن.

میدیایی نێودەوڵەتی پاڵنەری جۆراوجۆری هەیە، لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە سیاسی، ئابوری، سەربازی، کۆمەڵایەتی، زانستی، ڕۆشنبیری، مرۆڤایەتییەکانەوە، لەگەڵ سیاسەتدا یەکدەگرنەوە. میدیا لەم ڕوانگەیەوە پەرە بە لێکتێگەیشتن و دیالۆگی نێودەوڵەتی لە نێوان گەلان دەدات، بۆ ئەوەی ببێتە هۆی دروستبوونی تێڕوانینێکی ڕوون بۆ دەوڵەتەکان بۆ گۆڕینی سیستەم و کەلتوری نیشتیمانی داخراو، بۆ سیستەمێکی کەلتوری کراوە کە تێگەیشتن و کارە نێودەوڵەتییەکان بەرەو پێشەوە بات. (سیب، 2011، ص9).

میدیای نێودەوڵەتی ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو لەم گۆڕانکارییەدا دوای ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی کە لە ماوەی سەدەی بیستەمدا لە تەکنەلۆژیاکانی پەیوەندیدا ڕوویدا، یارمەتیدەر بوو بۆ هێنانەدی گۆڕانکاریی ڕوون و کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان، سەرەڕای ململانێی بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکان و ململانێ ئایدیۆلۆژییەکان کە کاریگەرییان لەسەر بڕیاری سیاسی پێویست هەبوو بۆ هەر نزیکبوونەوەیەک یان گفتوگۆیەکی نێودەوڵەتی مانادار لە نێوان وڵاتە جیاوازەکانی جیهاندا. (عبدالفتاح، د.س.ن، ص97)

### 2-6- ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە ئاراستەکردنی سیاسەتی نێودەوڵەتی:

لەگەڵ ئەو باوەرە بەهێزەی کە لە لایەن زانایان هەیە پێیان وایە ڕەفتاری سیاسی تاك پەیوەستە بە وێنەی گشتی ئەو سیاسەتەی کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن هەوڵی دروستکردنی دەدەن، لەگەڵ بوونی چەندین گۆڕاوی دەروونی و کۆمەڵایەتی و دیمۆگرافی کە دەبنە هۆکاری گۆڕانکاری لەو وێنە هزرییە، ئەو گۆڕاوانە بەشێکن لە ئەو سیستەمە سیاسیەی تاك تیایدا دەژیت. تاکەکان هەوڵدەدەن بەرکەوتنیان لەگەڵ ئەو بابەتە میدیاییانە هەبێت کە لەگەڵ ئاراستەکانیان یەك دەگرێتەوە و دوور بکەونەوە لەوانەی تر کە یەکناگرنەوە لەگەڵ ئاراستەکانیان.

هەروەك ئەوەی ئالمۆند _ Almond لە وتە بەناوبانگەکەیدا ئاماژەی بەوە داوە "لە سیاسەتدا هەموو شتێك پەیوەندیکردنە". ئەمە تیشك خستنە سەر ڕۆڵ و ئەرکی جۆراوجۆری ئامرازەکانی ڕاگەیاندنە لە خزمەتی سیستەمی سیاسی بە ئاستێك ئەستەمە سیستەمی سیاسی بێ پشت بەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردن بەردەوام بێت. (یوسف، 2006، ص72).

میدیای ئەمڕۆ بەڕاستی بەشێکە لە پرۆسەی سیاسەت بەڵام حکومەتیش بووەتە بەشێک لە پرۆسەی میدیا. سەرنجی (پاتریک ۆهێفێرنان) پەیوەندی و وابستەیی فراوانتری نێوان میدیا و حکومەت و پرۆسەی سیاسی دەگرێتەوە. دان بەوەدا دەنێت کە میدیاکان لە دەوڵەتە دیموکراتییەکاندا گۆڕاوە بۆ پێکهاتەیەکی ناوەندی لە سیاسەتدا کە کاریگەرییان لەسەر هەردوو بوارەکانی ناوخۆ و دەرەوە هەیە. (Udeala,2016,p258 ). نزیکەی هەموو حکومەتێک ئەمڕۆ گرنگییەکی تایبەت بە ڕۆڵی میدیایی گشتی لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی دەرەوەیدا و مامەڵەکردن لەگەڵ ئاڵۆزییەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی دەدات، کەلە دەیەکانی ڕابردووا بە چەسپاندنی ئەکتەرەکان لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا تایبەتمەندکراوە، خۆکارانە بووەتە هۆی زیادبوونی ڕۆڵی زانیاری لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا. پەیوەندییەکی زۆر بەهێزە لە نێوان ئەدای میدیا و بەڕێوەبردن و زیندوویی سیاسەت و چالاکییە سیاسییەکان هەیە. (Udeala,2016 , p255).

## 7-لایەنی مەیدانی

### 1-7- پێوەری ڕاستی و ڕادەی جێگیری فۆڕمی ڕاپرسی:

أ. توێژەر بۆ پێوانەکردنی ڕواڵەتی ڕاستی ئەم هەنگاوانەی گرتۆتەبەر:

بەمەبەستی دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستی فۆڕمی ڕاپرسی، دوای ئامادەکردنی بڕگەکانی فۆڕمەکە توێژەر پشتی بەستوە بە (7)پسپۆڕی[1] ئەکادیمی بۆ هەڵسەنگاندنی ڕاستی فۆڕمەکە، دوای سەرنج و تێبینییەکان و دەستکاریکردنی فۆڕمەکە ڕادەی دروستییەکەی بریتیی بوو لە (91،83%) لەڕووی زانستییەوە ڕێژەیەکی بەرزی هەیە دروستە بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری.

ب. ڕادەی جێگیری فۆڕمی ڕاپرسی:

بۆ دەستنیشانکردنی ڕادەی جێگیری فۆڕمی ڕاپرسی توێژەر بە بەکارهێنانی پەرنامەی ئاماری ( SPSS- Statistical Package for Social Science 24) توانیویەتی ڕادەی جێگیری بەدەست بهێنێت ، دەرئەنجامەکە بریتییە لە (0،768) ئەم ڕێژە گەورەترە لە (0،75) بە واتای ئەوە دێت کە فۆڕمەکە جێگیرە و شیاوی کار لەسەرکردنە.

| تەوەر | بەهای پێوەری (الفا- کرنباخ) | ئاماژەی ئاماری |
|---|---|---|
| 49 بڕگە | 0.768 | جێگیرە |

شیکردنەوەی داتا و زانیاری و ئەنجامەکانی فۆڕمی ڕاپرسی

خشتەی (1)

1 ناوی شارەزایان و پسپۆڕانی هەڵسەنگاندنی فۆڕمی ڕاپرسی:
1. پ.د. هێرش ڕەسوڵ موراد _____ ڕاگەیاندن/ ڕۆژنامە/ زانکۆی ڕاپەرین.
2. پ.ی.د. بەهات حەسیب قەرەداخی _____ تەکنیکی میدیا/ زانکۆی پۆلەتەکنیکی هەولێر.
3. پ.ی.د. محەمەد تەها حوسێن _____ دەروونزانی/ کۆلێژی ئاداب/ زانکۆی سەلاحەددین.
4. پ.ی.د. ئاراز رمضان احمد _____ ڕاگەیاندن/ زانکۆی ڕاپەڕین.
5. پ.ی.م. هەردەوان محمود کاکەشێخ _____ ڕاگەیاندن/ کۆلێژی ئاداب/ زانکۆی سەلاحەددین.
6. د. رزگار مغدید احمد _____ ئامار/ کۆلێژی کارگێری و ئابوری/ زانکۆی سەلاحەدین.
7. د. محمد حسێن محمد شوانی _____ کۆمەڵناسی/ کۆلێژی ئاداب/ زانکۆی سەلاحەددین.

| ڕەگەزی نمونەی توێژینەوە | | |
|---|---|---|
| ڕەگەز | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| نێر | 278 | %75.5 |
| مێ | 90 | %24.5 |
| کۆی گشتی | 368 | %100 |

لەم خشتەیەدا کە ڕەگەزی نموونەی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو، ئەوە دەردەکەوێت کە زۆرینەی نموونەی توێژینەوەکە لە ڕەگەزی نێرن کە بریتییە لە (%75.5) لە پلەی یەکەمدایە، ڕەگەزی مێ بە ڕێژەی (%24.5) دێت ئەمیش بەو هۆکارەی نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە ڕۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستان بەهۆکاری نوێی بوارەکە و کەمتر گونجانی لەگەڵ کەلتور و تێگەیشتنی ئەم ناوچەیە بۆیە کەمتر دەبینین ئافرەتان کار لە بواری ڕاگەیاندن بکەن و بەشی زیاتری ڕۆژنامەنووسان لە ڕەگەزی نێرن لە بوارەکەدا.

خشتەی (2)

| پلەی کارکردن لە دامەزراوەی میدیایی | | |
|---|---|---|
| پلەی کارکردن | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| بەڕێوبەری دەزگا | 17 | %4.6 |
| سەرنوسەر | 40 | %10.9 |
| هەواڵساز | 116 | %31.5 |
| پێشکەشکار | 49 | %13.3 |
| پەیامنێر | 76 | %20.7 |
| پرۆدیوسەر | 42 | %11.4 |
| پیشەی تر | 28 | %7.6 |
| کۆی گشتی | 368 | %100 |

لەم خشتەیەدا کە دەرخەری پلەی کارکردنی ئەو ڕۆژنامەنووسانەیە کە وەك نموونەی توێژینەوەکە وەرگیراون، ئەوە دەردەکەوێت کە پلەی (بەڕێوەبەری دەزگا) ڕێژەی (%4.6)ی هەیە لە توێژینەوەکە، کە لە کۆتا ئاست دایە، (سەرنوسەر) بە ڕێژەی (%10.9)یە ئەمیش لە ئاستی پێنجەمدا دێت، هەروەها (هەواڵساز) لە توێژینەوەکە بە ڕێژەی (%31.5)یە ئەم پلەیەی کارکردن لە ئاستی یەکەمدایە، لە پلەی دووەمدا (پەیامنێر) بە ڕێژەی (%20.7) دێت.

ئەوە لە ئاستی یەکەم و دووەمدایە بریتییە لە (هەواڵساز، پەیامنێر) کە بەشێکی زیاتری نموونەی توێژینەوەکە ئەم کارەیان هەیە لە دامەزراوە میدیاییەکان، ئەمە بۆ بابەتی توێژینەوەکە گرنگترە چونکە هەردوو پلەی کارکردن زیاتر بەرکەوتەیان هەیە بە زانیاری و ئاگاداربوون لە هەر زانیارییەك تەنانەت ئەو زانیاریانەشی کە لەسەر ئاستی دامەزراوە و پێگە نێودەوڵەتییەکان دەخرێنەڕوو. هەروەها توێژەر بەمەبەست زیاتر تیشکی خستۆتە سەر ئەم دوو بوارەی کاری میدیایی چونکە هەردوو بوارەکە زیاتر سەروکارییان لەگەڵ ئاگاداربوونە لە هەواڵ چ لەسەر ئاستی نێوەخۆیی بێت یاخود جیهانی.

خشتەی (3)

| ئاستی سەردانیکردنی پێگە هەواڵییە نێودەوڵەتییەکان | | | | |
|---|---|---|---|---|
| سەردانیکردن | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پیوانەیی |
| کەم | 86 | %23.4 | 2.43 | 0.845 |
| هەندێکجار | 38 | %10.3 | | |
| بەڵێ | 244 | %66.3 | | |
| کۆی گشتی | 368 | %100 | | |

لەم خشتەیەی کە خراوەتەڕوو ئاستی سەردانیکردنی رۆژنامەنووسان دەردەخات بۆ پێگە هەواڵییە نێودەوڵەتییەکان ئەوەی دەردەکەوێت، (بەڵێ) بە ڕێژەی (66.3%) دێت کە لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە، (هەندێکجار) بە ڕێژەی (10.3%)یە و (کەمر) بە ڕێژەی (23.4%)ە ئەمەش ئەوە دەردەخات کە بەشێکی زۆری نموونەی توێژینەوەکە سەردانی پێگە هەواڵییە نێودەوڵەتییەکان دەکەن بۆ ئاگاداربوون لە هەواڵ و زانیاری ئەو پێگە نێودەوڵەتییانە، تەنها ڕێژەییەکی کەمی نموونەی وەرگیراو نەبێت کە بەکەمی سەردانی پێگەکان دەکەن.

هاوکات ئەگەر سەیری ڕێژەی ئاماری (ناوەندی ژمێرەیی) بکەین ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە نموونەی توێژینەوەکە بە ڕێژەیەکی باش کۆکن لەسەر بەڵێ و پشت بەستنیان بۆ پێگە هەواڵییەکان دەردەخات کە ڕێژەی ناوەندی ژمێریاری بریتییە لە (2.43). هەروەها پێوەری ئاماری (لادانی پێوانەیی9 بە ڕێژەی (0.845)ە کە لێرەدا ئەم بەها پێوانەییە ئەوە ڕوونەکاتەوە کە زۆرینەی ڕاکانی نموونەی وەرگیراو لە توێژینەوەکە لە یەکتری نزیکن و وەڵامەکان پەرشوبڵاو نین، چونکە بەهای لادانی پێوانەیی نزمە.

خشتەی (4)

| خوێندنەوەی هەواڵ لە پێگە هەواڵییە نێودەوڵەتییەکان | | | | |
|---|---|---|---|---|
| خوێندنەوە | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پیوانەیی |
| کەمر | 89 | %24.2 | 2.38 | 0.849 |
| هەندیکجار | 50 | %13.6 | | |
| بەڵێ | 229 | %62.2 | | |
| کۆی گشتی | 368 | %100 | | |

لە خشتەی (4)دا کە خوێندنەوەی بابەتی تایبەت بە هەرێمی کوردستان لە پێگە هەواڵییە نێودەوڵەتییەکان ڕوونەکاتەوە ئەوە دەردەکەوێت (بەڵێ) بە ڕێژەی (62.2%) دێت، هەرچی (هەندێکجار)ە بە ڕێژەی (13.6%)ە و وەڵامی (کەمر) بە ڕێژەی (24.2%)ە. لێرەدا ئەوە ڕوونەبێتەوە کە بەشێکی زۆری نموونەی توێژینەوەکە لە رۆژنامەنووسان بۆیە سەردانی پێگە هەواڵییە نێودەوڵەتییەکان دەکەن بۆ ئەوەی بابەت و هەواڵی تایبەت بە هەرێمی کوردستان لەم پێگانە بخوێننەوە و ئاگاداری زانیارییەکان بن. (ناوەندی ژمێرەیی) لەم خشتەیەدا بریتییە لە (2.38) لەم ڕێژەیەدا ئەوە دەردەکەوێت کە وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە بە زیاتر بۆ ئاراستەی (بەڵێ)یە بەو واتایەی بەڵێ هەواڵ و زانیاری تایبەت بە هەرێمی کوردستان دەخوێنمەوە لەم پێگە نێودەوڵەتیيانە، هەروەها (لادانی پێوانەیی) بریتییە لە (0.849) کە ڕێژەیەکی نزمی هەیە ئەوە دەردەخات وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە پەرشوبڵاو نییە.

خشتەی (5)

| چەندیەتی پشت بەستن بەهەر یەكێك لە پێگە هەواڵییەکان وەك سەرچاوە | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پێگەی ئەلیکترۆنی | ڕادە | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی % | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی Std. Deviation | پێوەری پەرشوبڵاوی Variance |
| ئەلجەزیرە | زۆر | 78 | %21.2 | 2.01 | 0.641 | 0.411 |
| | تارادەیەك | 217 | %59 | | | |
| | هیچ | 73 | %19.8 | | | |
| CNN | زۆر | 77 | %20.9 | 1.98 | 0.666 | 0.444 |
| | تارادەیەك | 205 | %55.7 | | | |
| | هیچ | 86 | %23.4 | | | |
| France24 | زۆر | 59 | %16 | 1.83 | 0.678 | 0.460 |
| | تارادەیەك | 189 | %51.4 | | | |
| | هیچ | 120 | %32.6 | | | |

لەو خشتەیەدا ئەوە دەردەکەویت کە چەندە هەریەکێك لە پێگە هەواڵییەکانی (ئەلجەزیرە، CNN، France24) بوونەتە سەرچاوەیەك بۆ پشتن پێ بەستن لە بەدەستهینانی زانیاری تایبەت بە هەرێمی کوردستان ئەوەی دەردەکەویت، سەبارەت بە پێگەی (ئەلجەزیرە) ئەو نموونەیەی کە (زۆر) پشتیان بەم پێگەیە بەستوە بە ڕێژەی (21.2%)ە هەرچی (تاڕادەیەك)ە بە ڕێژەی (59%) دێت. هەرچی سەبارەت بە پێگەی (CNN)ە لێرەدا (زۆر) بە ڕێژەی (20.9%)یە، هەروەها (تاڕادەیەك) بە ڕێژەی (55.7%) دێت. بۆ پێگەی (France24) ڕێژەکان بەمشێوەیەن (زۆر) بریتییە لە (16%)، هەروەها (تاڕادەیەك) بەڕێژەی (51.4%)دێت هەرچی (هیچ)ە بە ڕیژەی (32.6%) دێت.

لێرەدا ئەگەر بەراوردکاری بکەین لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی هەرسێ پێگەی ناوبراو بەمشێوەیەیە، پێگەی (ئەلجەزیرە) بریتییە لە (2.01) هەروەها پێگەی (CNN) بریتییە لە (1.98) هەروەها سەبارەت بە پێگەی (France24) بریتییە لە (1.83) لە بەراوردکاری هەرسێ ڕیژەکە ئەوە دەردەکەوێت کە پێگەی (ئەلجەزیرە) زیاتر پشتی پێبەستراوە لەدوای ئەو پێگەی (CNN) دێت و لە پلەی سێیەمدا پێگەی (France24).

هەرچی پێوەری ئاماری لادانی پێوانەیە بەمشێوەیەیە، (ئەلجەزیرە) بریتییە لە (0.641) بەهایەکی نزمی هەیە واتا ئەو تاکانەی کە وەڵامی ئەم پرسیارەیان داوەتەوە ڕاکانیان پەشوبلاو نین. هەروەها بۆ پێگەی (CNN) بەهای لادانی پێوانەیی بریتییە لە (0.666) بەهەمان شێوە بەهای نزمە، پێگەی (France24) لادانی پێوانەیی بریتییە لە (0.678) ئەوە ڕووندەبێتەوە کە وەڵامەکان پەرشوبڵاو نین چونکە بەهاکە نزمە.

خشتەی (6)

| هۆکاری سەردانیکردن | | |
|---|---|---|
| هۆکار | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی % |
| بێ لایەنی | 69 | %6.8 |
| خیرایی لە گواستنەوەی هەواڵ و زانیاری | 160 | %15.6 |
| ڕاستی و دروستی | 86 | %8.4 |
| متمانەپێکراو | 108 | %10.5 |
| وردی | 94 | %9.2 |
| بەدەستهێنانی زانیاری نوێ | 207 | %20.2 |
| سوود وەرگرتن لە زانیارییەکان لە بواری کارەکەمدا | 185 | %18.1 |
| زانینی شێوازی ڕووماڵکردنی پیگە هەواڵییە نێودەوڵەتییەکان بۆ بارودۆخی هەرێمی کوردستان | 115 | %11.2 |
| کۆی گشتی | 1024 | %100 |

لەخشتەی سەرەوەدا کە تایبەتە بە هۆکاری سەردانیکردنی نموونەی وەرگیراو لە توێژینەوەکە بۆ پێگە هەواڵییە نێودەوڵەتییەکان بەم شێوەیەیە، (بێ لایەنی) بە ڕێژەی (6.8%) دێت دەچێتە ئاستی هەشتەم، هەروەها (خێرایی لە گواستنەوەی هەواڵ و زانیاری) لە ئاستی سێیەمدا دێت بە ڕێژەی (15.6%)، هەرچی (ڕاستی و دروستی)یە بە ڕێژەی (8.4%)ە لە ئاستی حەوتەمدایە، (متمانەپێکراو) ڕێژەکەی بریتییە لە (10.5%) و لە ئاستی پێنجەمدایە. هەرچی (وردی)یە بە ریژەی (9.2%) دێت ئەم هۆکارە لە ئاستی شەشەمدایە، هۆکاری (بەدەستهێنانی زانیاری نوێ) لە ئاستی یەکەمدایە بە ڕێژەی (20.2%)ە هەروەها (سوود وەرگرتن لە زانیارییەکان لە بواری کارەکەمدا) بە ڕێژەی (18.1%) دێت ئەمیش دەچێتە ئاستی دووەم، لە ئاستی چوارەمدا هۆکاری (زانینی شێوازی ڕووماڵکردنی پێە هەواڵییە نێودەوڵەتییەکان بۆ بارودۆخی هەرێمی کودستان) بە ڕێژەی (11.2%)ە.

لەم هۆکارانە ئەوانەی کە هۆکاری سەرەکیین بۆ سەردانیکردنی پێگە هەواڵییە نێودەوڵەتییەکان بریتین لەم سێ هۆکارە کە پلەکانی یەکەم و دووەم و سێیەمیان گرتوە، ئەوانیش بریتین لە (بەدەستهێنانی زانیاری نوێ، سوود وەرگرتن لە زانیارییەکان لە بواری کارەکەمدا و خێرایی لە گواستنەوەی هەواڵ و زانیاری) ئەمانەن کە نموونەی توێژینەوەکە زیاتر وەڵامیان بۆیان هەبووە.

خشتەی (7)

| ئەو بوارەی کە زیاتر سەرنجت ڕادەکێشێت | | |
|---|---|---|
| بوار | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی % |
| هەواڵی سیاسی | 284 | %37 |
| هەواڵی ئابووری | 108 | %14.1 |
| هەواڵی سەربازی و ئاسایش | 104 | %13.6 |
| هەواڵی کۆمەڵایەتی | 80 | %10.4 |
| زانیاری گشتی | 160 | %20.9 |
| هیتر | 31 | %4 |
| کۆی گشتی | 767 | %100 |

لێرەدا کە تایبەتە بەو بوارەی کە زیاتر بەگرنگەوە دەیخوێنیتەوە و زیاتر سەرنجترادەکێشێت ئەوە دەردەکەوێت کە (هەواڵی سیاسی) لە ئاستی یەکەمدا دێت بە ڕێژەی (37%)، هەروەها (هەواڵی ئابووری) بە ڕێژەی (14.1%) دێت دەچێتە ئاستی سێیەم، هەرچی بواری (سەربازی و ئاسایش)ە لە ئاستی چوارەمدایە بە ڕێژەی (13.6%)، بواری (کۆمەڵایەتی) بە ڕێژەی (10.6%) لە ئاستی پێنجەمدایە هەروەها (زانیاری گشتی) لە ئاستی دووەم بە ڕێژەی (20.9%)و (هیتر) لە کۆتا ئاستدایە بە ڕێژەی (4%).
بابەتی خوازراو بریتیین لە (هەواڵی سیاسی، زانیاری گشتی، هەواڵی ئابووری) ئەو بوارانەن کە نموونەی وەرگیراو زیاتر سەرنجیان ڕادەکێشێت. هەواڵی سیاسی لە ئاستی یەکەمە چونکە نموونەی وەرگیراو زیاتری ئەوانەبوون کە هەواڵساز و پەیامنێران بوون زیاتر کاریان لەگەڵ بابەتە سیاسیەکانە لەگەڵ ئەوەشدا پێگە جیهانییەکان زیاتر گرنگی دەدەن بە گواستنەوەی هەواڵ و زانیاری سیاسی تایبەت بە هەرێمی کوردستان.

خشتەی (8)

| متمانە بە زانیاری تایبەت بە هەرێمی کوردستان | | | | |
|---|---|---|---|---|
| متمانە | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی |
| زۆر | 145 | %39.4 | 2.36 | 0.545 |
| کەم | 211 | %57.3 | | |
| هیچ | 12 | %3.3 | | |
| کۆی گشتی | 368 | %100 | | |

لەم خشتەیەدا کە تایبەتە بە چەندیەتی متمانەکردن بە زانیارییەکانی پێگە هەواڵییە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە هەرێمی کوردستان بەمشێوەیە ئەوەی ڕووندەبێتەوە بریتییە لە (زۆر) بە ڕێژەی (39.4%)ە هەروەها (کەم) بەڕێژەی (57.3%) دێت، هەرچی (هیچ)ە بە ڕێژەی (3.3%)یە، ئەوەی دەردەکەوێت نموونەی وەرگیراو لە ڕۆژنامەنووسان تارادەیەك متمانەیان هەیە بەو زانیاریانەی کە بلاودەکرێنەوە لە پێگە هەواڵییە نێودەوڵەتییەکان ئەوانەی کە تایبەتن بە هەرێمی کوردستان.

بەهای (ناوەندی ژمێرەیی) بریتییە لە (2.36) ئەوە ڕووندەكاتەوە كە وەڵامەكان زیاتر نزیكن لە ئاستی دووەم كە وەلامی (كەم)ە واتا تاڕادەیەك متمانەیان هەیە، هەرچی بەهای (لادانی پێوانەیی)یە بۆ ئەم خشتەیە بریتییە لە (0.545) ئەوەی دەردەكەوێت كە ڕێژەكەی نزمە واتا پەرشوبڵاوی كەمە و وەلامەكان نزيكن لە يەكتری.

خشتەی (9)

| ئاستی گرنگی پێگە هەواڵییەكان لای نموونەی توێژینەوە | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پێگەی ئەلیكترۆنی | ڕادە | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی % | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی Std. Deviation |
| ئەلجەزیرە | گرنگترین | 144 | %39.1 | 2.04 | 0.865 |
| | گرنگ | 93 | %25.3 | | |
| | كەمتر گرنگ | 131 | %35.6 | | |
| CNN | گرنگترین | 85 | %23.1 | 1.88 | 0.756 |
| | گرنگ | 153 | %41.6 | | |
| | كەمتر گرنگ | 130 | %35.3 | | |
| France24 | گرنگترین | 136 | %37 | 2.08 | 0.812 |
| | گرنگ | 124 | %33.7 | | |
| | كەمتر گرنگ | 108 | %29.3 | | |

لە خشتەی سەرەوەدا تیشك خراوەتە سەر ئاستی گرنگی هەر یەكێك لە پێگە هەواڵییەكانی (ئەلجەزیرە، CNN، France24) بەمشێوەیە ئەنجامەكان دەركەوتوون، سەبارەت بە پێگەی (ئەلجەزیرە) گرنگترین بە ڕێژەی (%39.1) دێت، هەروەها (گرنگ) بە ڕێژەی (%25.3) ئاستی (كەمتر گرنگ) بە ڕێژەی (%35.6)یە. ئەوەی لێرەدا دەردەكەوێت بەشێكی زۆری نموونەی توێژینەوەكە پێگەی ئەلجەزیرە بە گرنگ دەبینن.

هەروەها پێگەی (CNN) لای نموونەی توێژینەوەكە لە ئاستی (گرنگترین) ڕیژەی (%23.1) دێت، هەروەها ئاستی (گرنگ) بە ڕێژەی (%41.6)یە هەروەها بۆ ئاستی (كەمتر گرنگ)ە بە ڕێژەی (%35.6)یە.

پێگەی (France24) بەمشێوەیە دابەشدەبێت ئاستی گرنگی پێدانی (گرنگترین) بە ڕێژەی (%37)یە، هەروەها ئاستی (گرنگ) بە ڕێژەی (%33.7) هەرچی (كەمتر گرنگ)ە ڕێژەی (%29.3)ی هەیە.

ئەگەر بەراوردكاری بكەین لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی هەر سێ پێگەكە كە بەمشێوەیە ڕێژەكان دەركەوتوون (ئەلجەزیرە) بریتییە لە (%2.04) هەروەها پێگەی (CNN) بەهای بریتییە لە (1.88)، هەروەها پێگەی (France24) بریتییە لە (2.08) لێرەدا ئەوەی دەردەكەوێت لە هەر سێ پێگەكە نموونەی وەرگیراو بە گرنگ مامەڵە دەكەن لەگەڵ هەر سێ پێگەكە، لە ئاستی بەراوردكاریدا لە نێوان هەرسێكیان هەردوو پێگەی (ئەلجەزیرە، France24) زیاتر لە پێگەی (CNN) ڕۆژنامەنووسان زیاتر لایان گرنگە. هەروەها ئەوەی پەیوەستە بە لادانی پێوانەیی هەر سێ پێگەكە بەمشێوەیە (865،0) بۆ پێگەی ئەلجەزیرە، هەروەها پێگەی (CNN) بریتییە لە (0.756) هەرچی پێگەی (France24)ە بریتییە لە (0.812) هەرسێ ڕێژەكە ئاستی نزمە واتا بەهای پێوەری ئاماری پەرشوبڵاو نییە.

**2-7-تەوەری: هۆکاری سەیرکردن و بەدواداچوون:**

خشتەی (10)

| بوونی هەواڵ لەم پێگانە ئاماژەن بۆ گرنگی هەرێمی کوردستان لە لایەنی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا. | | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی Std. Deviation |
|---|---|---|---|---|
| | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی % | | |
| بەتەواوی لەگەڵیدام | 77 | %20.9 | 3.57 | 1.113 |
| لەگەڵیدام | 145 | %39.4 | | |
| نازانم | 71 | %19.3 | | |
| لەگەڵیدانیم | 60 | %16.3 | | |
| بەتەواوی لەگەڵیدانیم | 15 | %4.1 | | |
| کۆی گشتی | 368 | %100 | | |

لەم خشتەیەدا کە پەیوەستە بە پێوانەکردنی بیروڕای نموونەی وەرگیراو سەبارەت بە بوونی هەواڵ و زانیاری لە پێگە هەواڵییە نێودەوڵەتییەکان و نیشاندانی ئاستی بایەخ و گرنگی هەرێمی کوردستان ئەوە دەردەکەوێت کە ئەوانەی (بەتەواوی لەگەڵیدان) بریتیین لە (%20.9)، هەروەها (لەگەڵیدام) بریتییە لە (%39.4)، ئەوانەشی کە (نازانم)یان وەڵامداتەوە ڕێژەکەی بریتییە لە (%19.3)، هەرچی (لەگەڵیدانیم)ە بریتییە لە (%16.3)، (بەتەواوی لەگەڵیدانیم) بریتییە لە (%4.1).

ئەوەی ڕووندەبێتەوە ئەوەیە کە زۆرینە پێیان وایە (بەڵێ) بوونی هەواڵ و زانیاری ئەوانەی پەیوەستن بە هەرێمی کوردستان گرنگە لە پێگە نێودەوڵەتییەکان بخرێتەڕوو، ئەو خستنەڕووە دەبێتە هۆکاری بە گرنگ نیشاندانی هەرێمی کوردستان لە سیاسەتی نێودەوڵەتییدا، هەرچی خستنەڕوو و ڕووماڵی زیاترە دەبێتە هۆی زیاتر بایەخی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی نیودەوڵەتی.

ئەگەر شیکردنەوە بۆ (ناوەندی ژمێرەیی) بکەین کە لێرەدا بریتییە لە (3.57) ئەوە وەڵامەکان نزیکن لە لەگەڵیدام چونکە ئەم پێوەرە نزیکە لە (4) و پێوانەیە بۆ لەگەڵبوون، هەروەها بەهای (لادانی پێوانەیی) بریتییە لە (1.113) ئەمەش ڕێژەیەکی نزمە ئاماژەیە بۆ کەمی پرشوبڵاوی و نزیکی وەڵامەکان.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەنجامی ناوەندی ژمێرەیی لەم خشتانەدا بەپێویستم زانیوە ئەم پێوەرانە بخەمەڕوو: (ألامی، 2021، ص6).

بەهای ناوەندی ژمێرەیی تایبەت بە پێوەری لیکارت (پێنجی)

| ناوەندی ژمێرەیی | ئاست |
|---|---|
| لە 1 بۆ 1.80 | بەتەواوی لەگەڵیدانیم |
| لە 1.81 بۆ 2.60 | لەگەڵیدانیم |
| لە 2.61 بۆ 3.40 | بێلایەن (نازانم) |
| لە 3.41 بۆ 4.30 | لەگەڵیدام |
| لە 4.31 بۆ 5 | بەتەواوی لەگەڵیدام |

خشتەی ژمارە (11)

| كەسانی نوخبە لە هەرێمی كودستان (نوخبەی سیاسی) زیاتر پشت دەبەستن بە خوێندنەوەی هەواڵی پێگە ئێودەوڵەتییەكان. | | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی Std. Deviation |
|---|---|---|---|---|
| | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی % | | |
| بەتەواوی لەگەڵیدام | 73 | %19.8 | 3.49 | 1.107 |
| لەگەڵیدام | 124 | %33.7 | | |
| نازانم | 97 | %26.4 | | |
| لەگەڵیدانیم | 58 | %15.8 | | |
| بەتەواوی لەگەڵیدانیم | 16 | %4.2 | | |
| كۆی گشتی | 368 | %100 | | |

لەم خشتەیەدا كە كاركراوە لەسەر ئەوەی ئایا كەسانی نوخبە (نوخبەی سیاسی) لە هەرێمی كوردستان پشت دەبەستن بە خوێندنەوەی هەواڵی تایبەت بە هەرێمی كوردستان لە پێگە هەواڵییە ئێودەوڵەتییەكاندا ئەوەی دەردەكەوێت، (بەتەواوی لەگەڵیدام) بریتییە لە (%19.8) ئەوانەش كە (لەگەڵیدان) ڕێژەكەی بریتییە لە (%33.7)، (نازانم) بریتییە لە (%26.4) هەروەها ئەوانەی (لەگەڵیدانین) بریتییە لە (%15.8) هەرچی (بەتەواوی لەگەڵیدانیم)ە بریتییە لە (%4.2)، ئەوەی دەردەكەوێت بەشێكی بەرچاوی لەگەڵ ئەوەدان كە نوخبەی سیاسی لە هەرێمی كوردستان گرنگی بە خوێندنەوەی پێگە هەواڵییە ئێودەوڵەتییەكان دەدەن، بەشێكیشی (نازانم)یان وەڵامداوەتەوە.

(ناوەندی ژمێرەیی) بریتییە لە (3.49) ئەم ڕێژەیە نزیكە لە وەڵامی (لەگەڵیدام كە پلەی (4) وەردەگرێت بۆیە دەكرێت بڵێین بەشێكی زۆری لەگەڵ ئەوەن كە نوخبەی سیاسی گرنگی بدەن بە پێگە هەواڵییە ئێودەوڵەتییەكان. هەروەها بەهای (لادانی پێوانەیی) بریتییە لە (1.107) ئەوەش دەرخەری ئەوەیە كە ڕادەی پەرشوبڵاوی لە وەڵامەكان نزمە و بیروڕاكان نزیكن لە یەكتری.

خشتەی (12)

| لە دروستكردنی بڕیاری سیاسیدا، بڕیار بەدەستانی هەرێمی كوردستان و ڕۆژنامەنووسان گرنگی دەدەن بە شیكردنەوە و تێڕوانینی پێگە هەواڵییە ئێودەوڵەتییەكان و ئەو هەواڵ و زانیارییانە لەو بارەیەوە بڵاودەكرێنەوە. | | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی Std. Deviation |
|---|---|---|---|---|
| | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی % | | |
| بەتەواوی لەگەڵیدام | 54 | %14.3 | 3.37 | 1.112 |
| لەگەڵیدام | 139 | %37.8 | | |
| نازانم | 89 | %24.2 | | |
| لەگەڵیدانیم | 62 | %16.8 | | |
| بەتەواوی لەگەڵیدانیم | 24 | %6.5 | | |
| كۆی گشتی | 368 | %100 | | |

لێرەدا كە تیشك خراوەتەسەر ئەوەی لە كاتی دەركردنی بڕیاری سیاسیدا بڕیاربەدەستان و ڕۆژنامەنووسان گرنگە دەدەن بە شیكردنەوە و تێڕوانینی پێگە هەواڵییە ئێودەوڵەتییەكان لە خستنەڕووی بابەتەكاندا ئەوەی دەردەكەوێت، ئەوانەی كە (بەتەواوی لەگەڵیدان) بریتییە لە (%14.3)، هەروەها ئەوانەی كە (لەگەڵیدان) ڕێژەكەی بریتییە لە (%37.8)، واتا بەشێكی زۆری لەگەڵ ئەوەدان گرنگی بدەن بە تێڕوانینی پێگە هەواڵییەكان لە خستنەڕووی زانیارییەكان و كاریگەری لەسەر بڕیاردان، هەروەها (نازانم) بریتییە لە (%24.2)، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانەی كە (لەگەڵیدانیم)ن بریتییە لە (%16.8)، هەرچی (بەتەواوی لەگەڵیدانیم)ە بریتییە لە (%6.5).

ئەنجامی ئەم خشتەیە بریتییە لەوەی كە بەشێكی زۆری نموونەی هەڵبژێردراو لەگەڵ ئەوەدان پێیان وایە بەڵێ لەكاتی وورياروەرگرتنی سیاسیدا تێروانین و دیدگای پێگە هەواڵییە نێودەوڵەتییەكان دەرهەق بە پرسە گرنگەكان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی گرنگە و پێویستە شیكردنەوە بۆ دیدگا و تێڕوانینەكانیان بكرێت.

(ناوەندی ژمێرەیی) بریتییە لە (3.37) ڕێژەی نزیكە لە وەڵامی لەگەڵیدام و دەرخەری ئەوەیە كە زۆرینە لەگەڵ ئەوون و ئەو بەهەند وەرگرتنە بە دروست دەزانن، هەروەها (لادانی پێوانەیی) بەهای بریتییە لە (1.112) كە ڕێژەكەی نزمە و پەرشوبڵاوی كەمە.

خشتەی (13)

| هەواڵی پێگە نێودەوڵەتییەكان كاریگەری هەیە، لەسەر ناوەندی دروستكردنی بڕیار لای دەستەبژێری سیاسی لە هەرێمی كوردستان. | | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی Std. Deviation |
|---|---|---|---|---|
| | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی % | 3.33 | 1.125 |
| بەتەواوی لەگەڵیدام | 51 | %13.9 | | |
| لەگەڵیدام | 140 | %38 | | |
| نازانم | 74 | %20.1 | | |
| لەگەڵیدانیم | 84 | %22.8 | | |
| بەتەواوی لەگەڵیدانیم | 19 | %5.2 | | |
| كۆی گشتی | 368 | %100 | | |

لە خشتەی سەرەودا پرسیار ئەوەیە كە ئایا هەواڵی پێگە هەواڵییە نێودەوڵەتییەكان كاریگەری هەیە لەسەر ناوەندی دروستكردنی بڕیار ئەوەی دەردەكەوێت ئەوەیە (بەتەواوی لەگەڵیدام) بریتییە لە (13.9%)، هەروەها (لەگەڵیدام) بریتییە لە (38%) كە ڕێژەكەی بەرزە، هەرچی (نازانم)ە بریتییە لە (20.1%) و (لەگەڵیدانیم بریتییە لە (22.8%) هەروەها (بەتەواوی لەگەڵیدانیم) بریتییە لە (5.2%)

لێرەدا بەشێكی بەرچاوی لەگەڵ ئەوەدان كە هەواڵی پێگە هەواڵییە نێودەوڵەتییەكان كاریگەری هەیە لەسەر ناوەندی دروستكردنی بڕیار بەو واتاییەی بەشێك لەو پرس و بابەتانەی كە بە گرنگەوە دەخرێنەڕوو دەبنە هۆكاری ئەوەی كە هەڵوەستەی لەسەر بكرێت و لەهەندێك كاتدا بڕیاری لەبارەیەوە بدرێت. لەگەڵ ئەوەشدا بەشێكیش لە نموونەی وەرگیراو (لەگەڵ ئەوەدانین) كە ئەمیش ڕێژەیەكی بەرچاوی هەیە.

ئەگەر سەیری (ناوەندی ژمێرەیی) بكەین ئەوە زیاتر لە وەڵامی (نازانم) نزیكە كە ڕێژەكەی بریتییە لە (3.33) بۆیە دەكرێت بڵێین بەشێكی كەمی پێیان وایە بەڵێ كاریگەری هەیە، هەروەها (لادانی پێوانەیی) بریتییە لە (1.125) بەهایەكی نزمی هەیە وەڵامەكان كەمتر پەرشوبڵاون.

خشتەی (14)

| شیكردنەوەی درووستی نوخبەی سیاسی هەرێمی كوردستان بۆ بابەتی پێگە هەواڵییە نێودەوڵەتییەكان، كاریگەری هەیە لەسەر تێگەیشتنی درووست بۆ واقیعی سیاسەتی نێودەوڵەتی بەرامبەر بە هەرێمی كوردستان. | | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی Std. Deviation |
|---|---|---|---|---|
| | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی % | 3.34 | 1.055 |
| بەتەواوی لەگەڵیدام | 40 | %10.9 | | |
| لەگەڵیدام | 153 | %41.6 | | |
| نازانم | 84 | %22.8 | | |
| لەگەڵیدانیم | 75 | %20.4 | | |
| بەتەواوی لەگەڵیدانیم | 16 | %4.3 | | |
| كۆی گشتی | 368 | %100 | | |

لەم خشتەيەدا پەيوەستە بە ڕادەی شيكردنەوەی دروست لای نوخبەی سياسی لە هەرێمی كوردستان و كاريگەری لەسەر تێگەيشتنی دروست بۆ واقيعی سياسەتی نێودەوڵەتی تايبەت بە هەرێمی كوردستان ئەوەی دەردەكەوێت ئەوانەی كە (بەتەواوی لەگەڵيدان) بريتييە لە (10.9%) هەروەها ئەوانەی پێيان وايە بەڵێ شيكردنەوەی دروست كاريگەری هەيە لەسەر تێگەيشتنی دروست ڕێژەی بريتييە لە (41.6%)، ئەوانەش كە (لەگەڵيدانين) بريتيين لە (20.4%).

ئەوەی ڕووندەبێتەوە ئەوەيە كە بەشێكی زۆری لەگەڵ ئەوەدان كە بەڵێ شيكردنەوەی دروست لای نوخبەی سياسی هەرێمی كوردستان بۆ هەواڵ و زانياری پێگە هەواڵيیە نێودەوڵەتييەكان كاريگەر دەبێت لەسەر تێگەيشتنێكی دروست بۆ ئەو واقيعەی كە هەرێمی كوردستان هەيەتی لە سياسەتی نێودەوڵەتييدا، چونكە خستنەڕووی زانياری تايبەت بە هەرێمی كوردستان هۆكارە بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتييدا بە گرنگ و بايەخەوە مامەڵەی لەگەڵ بكرێت هەروەها لە هەندێك بارودۆخدا بڕياری گرنگی سياسی لە ئاستيدا بدرێت.

(ناوەندی ژمێرەيی) بريتييە لە (3.34) هەروەها (لادانی پێوانەيی) بريتييە لە (1.055) كە ڕێژەكەی نزمە دەرخەری ئەوەيە كە ئاستی پەرشوبڵاوی لە وەڵامەكان كەمە.

خشتەی (15)

سەلماندنی گريمانەی سەرەكی: ڕووماڵكردنی پێگە هەواڵيیە نێودەوڵەتييەكان بۆ پرسەكانی تايبەت بە هەرێمی كوردستان، ڕۆڵی هەيە لەسەر دارشتنی سياسەتی نێودەوڵەتی

| تەوەر | نرخی پەيوەندی | بەهای ئەگەری p-value | بڕيار |
|---|---|---|---|
| دروستكردنی ڕۆڵی ئەرێنی | 0.183 | 0.000 | بەهاداری ئامارييە |
| | پەيوەندييەكە بەهاداری ئامارييە بەبەراورد بە ئاستی ئاماری ئەگەری sig (p≤0.005) | | |

لەم خشتيەدا كاركراوە لەسەر دۆزينەوەی ڕۆڵی ڕووماڵكردنی پێگە هەواڵيیە نێودەوڵەتييەكان بۆ پرسەكانی تايبەت بە هەرێمی كوردستان و ڕۆڵی لە دارشتنی سياسەتی نێودەوڵەتی سەبارەت بە هەرێمی كوردستان، ئەوەی دەردەكەوێت كە پەيوەندييەكی ڕاستەوانە هەيە بەڵام پەيوەندييەكی بەهێز نييە چونكە بەهای پەيوەندييەكە بريتييە لە (0.183). هەروەها نرخی بەهای ئەگەری (P=0.00) كە بچووكترە لە بەهای ئەگەری (Sig≤0.05) واتا ڕووماڵكردنی زياتری بابەت و زانياری تايبەت بە هەرێمی كوردستان لەلايەن دامەزراوە ميدياييە جيهانييەكان ڕۆڵی هەيە لەسەر دارشتنی سياسەتی نێودەوڵەتی تايبەت بە هەرێمی كوردستان.

## 8-دەرئەنجام و ڕاسپاردە و سەرچاوەكان:

### 8-1- دەرئەنجامەكان:

1. لە سەدا (66.3)ی كۆمەڵگای توێژينەوەكە پشت بە پێگە هەواڵيیە نێودەوڵەتييەكان دەبەستن بۆ ئاگاداربوون لە هەواڵ و زانياری جيهان، لەو ڕێژەيەش لەسەدا (62.2)ی مەبەستی پشت بەستنيان بە پێگە هەواڵيیە نێوددەوڵەتييەكان بۆ خوێندنەوەی هەواڵ و زانيارييە لەبارەی هەرێمی كوردستان، ئەمەش ڕێژەيەكی بەرزە دەرخەری ئەوەيە زۆرينەی ڕۆژنامەنووسان بەمەبەست سەردانی پێگە هەواڵيیە نێودەوڵەتييەكان دەكەن بۆ ئاگاداربوون لە بارودۆخی هەواڵ و زانياری تايبەت بە هەرێمی كوردستان لەو پێگانە.

2.ئەنجامەكان ئەوە دەردەخەن سەرەڕای پشت بەستنی نموونەی توێژينەوەكە بە پێگە هەواڵيیە نێودەوڵەتييەكان بۆ بەدەستهێنانی زانياری بەڵام كەمتر متمانەيان بە زانيارييەكانی ئەم پێگە هەواڵيانە هەيە كە ڕێژەی بريتييە لە (57.3%)ی كۆمەڵگای توێژينەوەكە.

3.ئەنجامەکان دەرخەری ئەوەین ڕۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستان پێگەی (ئەلجەزیرە) لە گرنگترین پێگە هەواڵییەکان هەژمار دەکەن، هەروەها لە ئاستی دووەمدا پێگەی (France24)ە.

4.ئەنجامەکان دەرخەری ئەوەن بوونی هەواڵ لە پێگە هەواڵییە نێودەوڵەتیەکان، ئاماژەن بۆ گرنگی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتی، هەروەها (42.7%) ی لەگەڵ ئەوەدان خستنەڕووی هەواڵ و زانیاری بەشێوەیەکی ئەرێنی دەتوانێت بیرکردنەوەی گەلانیتر سەبارەت بە هەرێمی کوردستان بگۆڕێت.

5.بەپێی سەلماندنی گریمانەی توێژینەوەکە ئەوە دەردەکەوێت کە ڕووماڵکردنی پێگە هەواڵییە نێودەوڵەتییەکان بۆ پرسەکانی هەرێمی کوردستان، ڕۆڵی هەیە لە دارشتنی سیاسەتی نێودەوڵەتی بەهای پەیوەندییەکە بریتییە لە (0.183) واتا پەیوەندییەکی ڕاستەوانە لە نێوانیان هەیە گۆڕنکاری لەیەکیکیان کاریگەری دەبێت لەسەر ئەوەی تریان.

### 8-2-ڕاسپاردە:

6.توێژەر بەپێویستی دەزانێت لە کۆتایی توێژینەوەکە چەند ڕاسپاردەیەك پێشکەش بکات، بەهیوای بەجێگەیاندنیان:

7.گرنگیدان بە خستنەڕووی بابەت و زانیاری زیاتر لەبارەی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی میدیایی جیهانی بایەخی زیاتر بدات بە خستنەڕووی بابەتەکان.

8. بوونی تێگەیشتنێکی ئەرێنی لای نوخبەی سیاسی و ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان لەبارەی بەگرنگ مامەڵەکردنی میدیایی جیهانی لەگەڵ بابەت و پرسە کوردستانییەکان، دەرچەیەکە بۆ کرانەوەی جیهان و سیاسەتی جیهانی بەڕووی هەرێمی کوردستاندا.

9. کارکردن لەسەر هەمەچەشنکردنی بابەتەکانی پەیوەست بە هەرێمی کوردستان لەکاتی خستنەڕوویان لەسەر ئاستی دامەزراوەی میدیایی جیهانی، قەتیسنەبوونی بابەتەکان تەنها لە چوارچێوەی بابەتی نەرێنی و کێشە و ململانێیەکان.

### 8-3-سەرچاوەکان:


سەرچاوە عەرەبییەکان:

- ابراهيم، ح، م، (2009) الاتجاهات السياسيه السائدة في القنوات الفضائية الكردية بعد تأسيس المجلس الوطني الكردستاني(الدورة الثانية), أطروحة دكتوراه غير منشورة, كلية الاعلام, جامعة بغداد, قسم الصحافة و الإذاعية و التلفزيونية, بغداد.
- القحطاني, ع, ب,م, (2010) دور الوسائل الاعلام في توعية الجمهور بطب الكوارث, بحث مقدم في مؤتمر الدولي لطب الكوارث, مملكة العربية السعودية.
- جارليس، كيجلى (2017) السياسة العالمية, م/ بدوي, م, الخالدي, غ, دار جامعة للملك سعود للنشر, المملكة العربية السعودية.
- خالد,ف, (2009) الإعلام الدولي و العولمة الجديدة, دار اسامة, عمان.
- الزعبى, ر, ف, (2013) اتجاهات الشباب نحو عمل المرأة فى القطاع السياحى، رساله ماجستير، كليه دراسات العليا, جامعه الاردنيه، الأردن.
- سعد, ز, أ, (2013) تجاهات الجمهور نحو البرامج الاخبارية لقناة الجزيرة, رسالة ماجستير, كلية العلوم الاجتماعية و الانسانية, جامعة محمد خضير بسكرة, الجزائر.
- سليم, م, ال, (2002) التطور السياسة الدولية, دار الفجر للنشر و التوزيع, قاهرة.
- عبدالفتاح, ع, (د.س.ن) الإعلام الدبلوماسي و السياسي, اليازوری للنشر, (د.م.ن).
- عبدالقادر, أ, ال, (2014) دور المواقع الاخبارية الالكترونية في تدعيم عملية الاصلاح السياسي, رسالة ماجستير, كلية الاعلام, جامعة الشرق الأوسط, قسم الاعلام, الأردن.
- يوسف, ح, (2006) الاعلام و السياسة مقاربة و ارتباط, اطلس للنشر و الانتاج الاعلامي, قاهرة.
- عبدالحفيظ, م, (2003) الإحصاء و القياس النفسي و التربوي مع النماذج من المقاييس و الإختبارات, ط2, ديوان المطبوعات الجامعية, الجزائر.
- البرواری, ر, ح, أ, (2013) الاتجاهات النفسية نحو عمل المرأة (السياسي و الاجتماعي و علاقتها بالتنشئة الأسرية), دار جرير للنشر و التوزيع, عمان.

- بوثلجي, إ, (2010) الصحافة الالكترونية الجزائرية و اتجاهات القراء, رسالة ماجستير, جامعة الجزائر3, كلية العلوم السياسية و الإعلام, قسم علوم الإعلام و الاتصال, الجزائر.

- السوداني, أ, ع, (2010) صناعة الأخبار في المواقع الإلكترونية للمحطات الإذاعية, رسالة ماجستير, جامعة بغداد, كلية الإعلام, قسم الصحافة و الإذاعية و التلفزيونية, بغداد.

- الدليمى, ع, م, (2010) الاعلام الجديد و الصحاقة الالكترونية, دار وائل للنشر, عمان.

- عبدالسلام, غ, (2021) صناعة المضامين الاعلامية في البيئة الجديدة و أدوار مستخدميها- دراسة تحليلية لموقع الجزيرة الإلكترونية, أطروحة دكتوراه, كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية, جامعة محمد بوضياف بالمسيل, قسم علوم الإعلام و الإتصال, الجزائر.

- العبد, ن, ع, (2009) الإعلام الدولي, الدار العربية للنشر و التوزيع, القاهرة.

- الفلاحي, ص, م, ع, (2011) التغطية الاخبارية لمواقعي الجزيرة و ال BBC العربية لمعركتي الفلوجة عام 2004, رسالة ماجستير, كلية الاعلام, جامعة الشرق الاوسط, الجزائر.

- راضي, و, ف, (2013) الاعلام الاذاعي و التلفزيون الدولي (مفاهيم, الوسائل, المقاصد) دار و مكتبة عدنان, بغداد.

- فيليب, س, (2011) تأثير الجزيرة, كيف يعيد الاعلام الجديد تشكيل السياسة الدولية, الدار العربية للعلوم, بيروت.

- فاتح ب. أ. (2021), مقياس ليكارت, https://www.researchgate.net/publication/353953942_mqyas_lykart_Likert_Scale_wbnwd_lykart_Likert_Items

- سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

- Press book france24, http://tifeagle.com/pdf/press_book_f24.pdf, E-book.
- Liberte, Egalite,(2021)  Actualite, une ohane du groupe, E-book.
- Udeala, S, O,  (2016) The role of the media in promotion foreign policy in Nigeria, South East journal of political science, No.2

**دور المواقع الاخبارية الدولية في تحديد ملامح السياسة الدولية تجاه اقليم كوردستان**
**دراسة ميدانية, للمجموعة من الصحفين في إقليم الكوردستان**

**م.م.باران محمد عبدالله**
قسم الإعلام،كلية الآداب،جامعة صلاح الدين–أربيل
baran.abdullah@su.edu.krd

**أ.م.د.حەبيب مال لله ئيبراهيم**
معهد علوم الإعلام/ جامعة روربوخوم-ألمانيا
habeeb1975 @hotmail.com

**ملخص**
تلعب مواقع الأخبار الدولية دورًا رئيسيًا في تحديد السياسات الدولية. تهدف هذه الدراسة إلى اختيار دور المواقع العالمية للتغيير وصياغة السياسات الدولية.
عملت الباحثة على منهجية المسح بالاعتماد على استمارة المسح ، ودراسة الموقع هي صحفيو إقليم كوردستان من المحافظات الأربع (أربيل ، السليماني ، دهوك ، حلبجة) لاستخلاص بعض الاستنتاجات.
الهدف من الدراسة هو العمل على الدور الذي تلعبه المواقع العالمية في عرض القضايا المتعلقة بإقليم كوردستان. أثر هذه التغطية على التطورات والقرارات والعقليات للدول في النظام العالمي تجاه إقليم كوردستان.
حصلت هذه الدراسة على عدد من الاستنتاجات ، على سبيل المثال كمية ونوعية عرض القضايا المتعلقة بكردستان. كان لها تأثير على مواقف السياسة الدولية والآراء حول إقليم كوردستان. علاوة على ذلك ، تبين أن تغطية المواقع الدولية لحالات إقليم كردستان كانت جزءًا من تطوير السياسة الدولية.

**الكلمات المفتاحية**: مواقع الأخبار العالمية ، السياسة الدولية ، التوجه ، النظام الدولي.

**The Role of International News Websites in Defining the Features of International Politics Towards the Kurdistan Region**
**A Field Study for A Group of Journalists in The Kurdistan Region**

**Baran Muhammed Abdullah**
Department of Media, College of Arts,
Salahaddin University – Erbil
baran.abdullah@su.edu.krd

**Habeeb Malalla Ibrahim**
Institute of Media Science, University of
Ruhrbochum-Germany
habeeb1975 @hotmail.com

**Abstract**
International news websites play a key role in determining international policies. This study is for selecting the role of the international websites of change and formulating international policies.
The researcher worked on survey methodology based on survey form, and the site study is Kurdistan Region journalists from the four governorates (Erbil, Sulemani, Duhok and Halabja) to draw some conclusions.
The aim of the study is to work on the role those international websites play in presenting the issues related to Kurdistan Region. The impact of this coverage on developments, decisions, and mindsets of countries in the global system towards the Kurdistan Region.
This study obtained a number of conclusions, for example the quantity and quality of presentation of Kurdistan-related issues. It has had an impact on the attitudes of international policy and opinions about the Kurdistan Region. Furthermore, it was found that international website coverage of Kurdistan region cases was a part in the development of international policy.

**Keywords**: International Websites, International Policy, Direction, Global System.